

# دوێنێ کوردستان، ئەمڕۆ خووزستان

عومەر ئێلخانی‌زادە

بۆ ماوەی چەند ڕۆژ، شارەکانی خووزستان و بە تایبەتی شاری ئەهواز شاهیدی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی بەرینی جەماوەری بوون دژ بە کۆماری ئیسلامی. لەم چەند ڕۆژەدا چەندین هێرشی گەورە کرایە سەرخەڵك و دەیان کەس کوژراون و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون و سەدان کەس لە بەندیخانە و هێشتا لە ژێر ئەشکەنجە دان.

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی وەك پیشەی هەمیشەییان تاوانی ناڕەزایەتی خەڵکی دەخەنە سەر لایەنی دەرەکی. بەڵام ڕاستییەکان بە پێچەوانەی بۆچوونی ڕژیم دەیسەلمێنن کە ئەم ئیعتراز و ناڕەزایەتییانە لە کردەوەی فاشیستی ڕژیمی ئیسلامی ئێرانەوە سەرچاوە دەرگرێ. ماوەیەك لەوەپێش محەمەدی عەلی ئەبتەحی جێگری پێشووی خاتەمی و راوێژکاری ئێستای، لە نامەیەکی مەحرەمانەدا لە لایەن سەرۆك کۆمارییەوە بڕیاریدا بوو کە تا ١٥ ساڵی داهاتوو دەبێ ژمارەی عەرەبی خووزستان تا رادەی سێیەکی ئێستا کەم بکرێتەوە و بۆ ئەو مەبەستە کارێك بکەن بە هەر فرت و فێڵێك بووە عەرەبەکان بڕۆن بۆ شوێنی دیکە و خەڵکی فارس و نەتەوەی‌تر لە بەشی عەرەبی خوزستان نیشتەجێ بکرێن. ئەسڵی ئەم نامەیە چەندە راست و چەندە ناڕاستە بێ، گومان لەوەدا نییە کە کردەوەی کۆماری ئیسلامی لە هەموو ماوەی دەسەڵاتداریێتی لە پێناو ئەم ئامانجەدا بووە، نەك هەر لە خووزستان، بەڵکوو لە کوردستانیش لە شارەکانی وەك نەغەدە و دەوروبەری و هەروەتر لە کرماشان، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی حەولی داوە کە رادەی جەمعییەتی کوردەکان کەم بکاتەوە.

تەزاهۆرات و ئیعترازاتی خووزستان و شارە عەرەب نشینەکان نیشاندەری ئەو ڕاستییەشن کە نەتەوەکانی ئێران ئێتر حازر نین چی‌تر لە ژێر زوڵم و ستەمی شۆڤینیستی‌دا ژیان بکەن و خەبات بۆ وەدەست هێنان مافە نەتەوەییەکان و بۆ وەلانانی ستەمی نەتەوەیی، تەوەرەیەکی گرینگی خەباتی سیاسی و جەماوەرییە. دژکردەوەی توندی کۆماری ئیسلامی لە خووزستان و ڕەفتاری فاشیستی و توندی ئەم ڕژیمە بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان و هەر ئیعترازێکی سیاسی و هێمنانە، راست بەو هۆیەیە کە ئەم ڕژیمەش هەستی بەوە کردووە کە خەباتی گەلانی ئێران لە رووخانی ڕژیمدا دەورێکی تایبەتی هەیە و هەر بۆیەش تێکۆشاوە بە دڕندەیەکی زۆرەوە ئەم خەڵکانە سەرکوت بکات.

ئەگەر لە ساڵانی رابوردوودا تەنیا مەسەلەی کوردستان زەق و بەرچاو بوو، یان بە زمانێکی‌تر کورد تەنیا کەوتبووە، ئێستا باقی نەتەوەکانی دیکەش خوازیاری وەدەست هێنانی مافی خۆیانن و بۆیەشە دروشمی فێدڕاڵی بووەتە دروشمێکی گشتگیر و تا دێ زۆرتر پشتیوانی وەدەست دێنێ.

با ئاماژە بەو راستیەش بکەین کە ڕەفتاری فاشیستی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، نەك هەر دەنگی مافخوازی خەڵکی کوردی کپ نەکرد، بە پێچەوانە بووە هۆی دەربڕینی دەنگی ناڕەزایەتی گەلانی دیکەش. کوردستان بە هێزی نیزامی داگیر کرا، بەڵام لە بواری سیاسیدا ئەوە کۆماری ئیسلامییە کە شکستی خوارد.

دەرسێکی دیکەی ناڕەزایەتییەکانی ئەهواز و خووزستان لەوەدایە کە ترسی خەڵك لەم ڕژیمە شکاوە، نە هەل‌ومەرجی نێودەوڵەتی و نە وەزعی سیاسی ناوخۆیی و نە تەرازووی هێز، مەودای ئەوە بە ڕژیم نادەن کە بەهاسان پرۆژەی سەرکوتکردن بەڕێوە بەرێ.

خەڵکی کوردستان کە زیاتر لە دوو دەیەیە بۆ دیمۆکراسی و ئازادی دەجەنگن و پێشەنگی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلانی ئێران بوون، ئێستاش دەبێ هەر بەو هەستەوە دەکرێ ببنە پشتیوان و یاریدەدەری خەڵکی عەرەب و، دەستی دۆستی و هاوخەباتیان بۆ درێژ بکەن.

کۆمەڵـە هـەم بـە ڕاگەیانـدن و هـەم لـە ڕادیـۆوە بـە فارسـی و کـوردی و زاراوەی کـەلهوڕی پشـتیوانی لـەم خەباتـەی خـەڵکی عـەرەب کـردووە و خوازیاری برایەتی گـەلانی ئێران بووە. ئێمـە لـە کۆنگرەی دەی کۆمەڵـەدا بـە دیتنـی ئـەم ڕاستیانە ئاماژەمـان بـە پێویسـتی دروسـت کردنـی بـەرەی گـەلانی ئێـران کـرد و ئێسـتا ڕاسـتی ڕووداوەکـان نیشـانی دەدەن کـە پێکهێنـانی بـەرەی نەتـەوەکانی نـاو ئێـران تـا چ ڕادەیـەك بووەتـە ئـەرکێکی هەنووکەیی لە خەبات بۆ دێمۆکراسی و ئازادی لە ئێراندا.

**بڕۆخێ کۆماری ئیسلامی**

**پایەدار بێ بەرەی گەلانی ئێران**